# شەبەقێکی تر لە سیاسەتی بوشدا و سەرکەوتنێکی ناوازە بۆ دەوڵەتی یاسا

بەختیار کەریم

گوانتانامۆ بۆ خوێنەری کورد، هەمان ئەو دەنگدانەوە سامناکەی نییە کە بۆ خوێنەرێکی ئەوروپی تەنانەت ئەمریکیش هەیەتی. میدیای کوردی وێنەیەکی فریشتەیی (جۆرج بوش)مان بۆ دەکێشێت و هیچ گووتنێکی نییە لەسەر ئەو نادادوەرییەی بەناوی "شەڕی دژەتیرۆر"ەوە بەڕێوەدەچێت. چەقی ئەو نادادوەرییەش گوانتانامۆیە، کە جیهانی تووشی سەرسامی کردوە لەهەمبەر ئەو دووفاقیەی جۆرج بوش و بەڕێوەبەرایەتییەکی. بوش و بەڕێوەبەرایەتییەکەی لەلایەکەوە پێماندەڵێن کە جیهان دیمۆکراتیزە دەکەن و دەوڵەتی یاسا بەو دەوڵەتانە دەناسێنن کە دیکتاتۆریەت سیستەمی فەرمانڕەوایی باڵادەستە، لەلایەکی دیکەشەوە بوش و بەڕێوەبەرایەتییەکەی زیندانێک لەهەناوی ئەمریکادا دەکەنەوە، کە زیندانییەکان هیچ مافێکیان نییە بۆ چوونە دادگا تا تاوانباریی یان بێتاوانییان بسەلمێنن، بگرە چەندین شێوازی ئەشکەنجەیان لەبەرامبەردا بەکاردەهێنرێت. بەڵام بۆ هەموو نادادوەرییەک کۆتاییەک هەیە و هێزێک هەیە کە دەنگ بەرزبکاتەوە و بڵێ نا بۆ ناشیرینکردنی ڕووخساری ئەمرکیا و بێڕێزیکردن بە دەوڵەتی یاسا.

ئەم جارە دادگای باڵای ئەمریکی شەبەقێکی دیکەی کردە نێو هەناوی سیاسەتی بوشەوە، هاوکات سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد بۆ ئەو هێزانەی کە پێیانوایە پێویستە لە هەموو سەردەمەکاندا ڕێز لە دادوەریی بگیرێت. بڕیارە ناوازەکەی دادگای باڵای ئەمریکی کاریگەریی بۆسەر کۆی ستراتیژی هەنووکەی بەڕێوەبەرێتی بوش دەبێت. بڕیارەکەی دادگای باڵا، ئەو دادگا سەربازییە تایبەتەی بۆ دادگاییکردنی زیندانییەکانی گوانتانامۆ لەلایەن بوشەوە دامەزرێنرابوو وەک دادگایەکی نایاسایی لەقەڵەمدا. هەر بە ماوەیەکی کورت لەپاش بڕیارەکە، بوش و ئەندامانی دیکەی بەڕێوەبەرایەتییەکەی باسیان لە داخستنی گوانتانامۆ کرد. بێگومان داخستنی گوانتانامۆ مانای ئازادکردنی ئەو زیندانییانە نییە کە ئێمە نازانین تاوانبارن یان بێتاوان، بەڵکو بە واتای گواستنەوەیانە بۆ نێو ئەمریکا و ڕێگەدانیانە بۆ چونە بەردەم دادگایەکی سەربەخۆ.

پێدەچێت جێگەی سەرسامی نەبێت کا تا ئەم ساتەوەختەش، جگە لە یەک دوو دەنگی ناڕازیی لە کوردستان یان لەنێو کوردانی دەرەوە، کۆی میدیای کوردیی چاو لەم تاوان و نادادوەرییانە دەپۆشن، چونکە پێدەچێت کۆی ئەم میدیایە وەک سەرکردایەتی کورد پاشکۆیەکی چاولەمشتی ئەمریکا بن، یان وەک هەندێک پێشنیاردەکەن لەترسی ئەمریکا نەوێرن خوێنەری کورد لەو نادادوەرییانە هۆشیار بکەنەوە کە لەلایەن هەمان ئەو ئەمریکایەوە بەڕێوەدەچێت کە میدیای کوردی بە ڕزگارکەر دەیناسێنێت. لەمەش سەمەرەتر هەندێک نەخوێندەوار هێشتا باس لە (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن) دەکەن، بەبێ ئەوەی ئاگاداربن لەوەی ئەمریکا هەر ماوەیەکی کورت پاش داگیرکردنی عێراق داستبەرداری ئەو پرۆژەیە بوو، یان دروستترە بڵێین ئەو پرۆژەیە شکستی خوارد. لەڕاستییدا ئەگەر ئەم ئەزیزانە یەک تۆزقاڵ خۆیان ماندووبکەن و بخوێننەوە دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمریکا نەک هەر دەستبەرداری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن بووە، بەڵکو ستراتیژی پاشەکشەشی لە

عێراق دارِشتوە. ئەمریکا جەنگی عێراقی دۆڕاند، ئەمە دەکرێت بابەتێکی فراوانتر بێت لەوەی ئێمە لێرەدا دەخوازین باسی بکەین. بەڵام گرنگە جەغت لەوە بکەینەوە کە لە ئێستادا ئەمریکا خۆشحاڵ دەبێت ئەگەر بە زووترین کات لە تەنگژەی عێراق ڕزگاری ببێت، دانوستان لەگەڵ چەکدار و تیرۆریستەکاندا بەشێکە لەو ستراتیژە نوێیەی ئەمریکا کە بە کشانەوەی زۆرینەی هێزەکانی لە عێراق کۆتایی پێدێت. هاوکات ڕای گشتی ئەمریکی چیتر چیکڵدانەی ئەوەی نەماوە بە جەنگێک ڕازی بێت کە بەناوی شەڕی دژەتیرۆرەوە دەکریت، کەچی ئەو جەنگە هەتا دێت تیرۆر فراوان و فراوانتر دەکات و کاریگەرییەکانی زێدەتر دەکات.

ئیمپراتۆرێکی وەک ئەمریکا ناتوانێت جەنگ تەنها لەرێگای ماسولکە و تەکنەلۆجیایەوە بباتەوە، بەڵکو پێویستە هاوکات ئایدیالێک هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی وڵاتی داگیرکراو و وڵاتەکەی خۆی (واتا وڵاتی داگیرکەر) چاوبەست بکات. ئەو ئایدیاڵەی سەرەتا، کە بوش وەک پۆزش بۆ داگیرکردنی عێراق پشتی پێبەست، چیتر سوود و کاریگەریی نەماوە. هەموو کەس، بێگومان جگە لەوانەی بە سیاسەتیی ئەمریکا خۆشخەیاڵ بوون، پێیانوایە کە نە عێراق دیۆکراتیزە دەکرێت، نە ئەمریکاش لە بنەڕەتدا مەبەستی دیمۆکراتیزە کردنی ئەو وڵاتە بووە. واتا لە ئێستادا کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئاستی جیهانیدا، کە بەدەر لەوەی سەدام حسێن یەکێک بوو لە دیکتاتۆرە خوێنمژەکانی سەردەمەکەمان، بوش بۆ مەبەستێکی تەواو جیاواز لە دیمۆکراتیزەکردنی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراقی داگیرکرد. تەنها هەڵاوێردێک لەم کۆدەنگییە ئەو کوردانەن کە پێیانوایە داگیرکردنی عێراق لە بەرژەوەندی کورد بووە، لەکاتێکدا هێشتا هەمان هەڕەشەکانی جاران وەک خۆیان ماون و لەهەر ساتەوەختێکدا ئەمریکا پاشەکشەی کرد، کورد دەبێتەوە خۆراک و داردەستی وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەرانی ڕاستەقینەی کوردستان. تەنها شتێک کە لەپاش داگیرکردنی عێراق گۆڕابێت دەوڵەمەندبوونی بەرپرسە دزەکان و کەمێک باشتربوونی گوزەرانی ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی کوردستانە، بەڵام لەڕاستییدا تەنها یەک دەستکەوت نییە کە شایانی شانازی پێوەکردن بێت، مەگەر شایارەکانی پارتی و یەکێتی بۆ چاوبەست باس لەو دەستکەوتانە بکەن کە مەگەر خۆیان بزانن چین.

بڕیاری دادگای باڵای ئەمریکا سەرکەوتنێکی ناوازەیە بۆ دەوڵەتی یاسا چ لە ئەمریکا و چ لە دەرەوەی ئەمریکا، سەرکەوتنێکی دەگمەنە بۆ ئەو هێزانەی کە بڕوایان بە سەروەریی یاسا هەیە و ئامادەن لە ساتەوەختە سەختەکانیشدا توانای سەرکردەکانیان بخنە ژێر پرسیارەوە. بەڵام دووبارە دەپرسین، چما ئەم بڕیارە گرنگە نابێتە سەردێڕی هیچ کام لە ڕۆژنامە بەناو ئازادەکانی کوردستان، یان هیچ کام لەو نووسەرانەی کە "تایبەتمەندن" لەسەر قسەی پووچ دەربارەی (پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن)ی شکستخواردوو، هیچ ڕاڤەیەکیان نییە بۆ ئەم بڕیارە گرنگە؟ گەلۆ چ بەدبەختییەکە کە نووسەرانی ئێمە هێشتا دوای کڵاوێک کەوتوون نەک بەتەنها با بردوویەتی، بەڵکو خوێناوی بووە و پۆرتکاویشە؟

2006/07/02

ئۆکسفۆرد / ئینگلاند